# بەیاننامەی کوردیناسیۆنی یەکێتی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی "یەکێتی دیموکراتی کوردستان"

ڕووناکبیران و چالاکڤانانی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان
سیاسەتوانان و لایەنە کوردستانییەکان
گەلی نیشتمان خۆشەویستی کورد

خۆمان بە بەختەوەر دەزانین و شانازی پێوە دەکەین لە ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆدا، پیرۆزبایی پەڕ بەدڵی خۆمان بە بۆنەی "پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکێتی دیموکراتی کوردستان" پێشکەش بە ئێوەی خۆشەویست و هەمیشە حازر و ئامادە لە گۆڕەپانی سیاسەتی نەتەوەییدا بکەین.

بێگومان لە ئەنجامی هەوڵی ئێوەیە کە یەکێتی دیموکراتی کوردستان لەسەر ڕێچکەی گشت پەسەندی خوەی، تا هەنووکە هاتووە و، گومان لەوەشدا نییە لەسەر خواست و ویستی ئێوەشە، کە ئێمە و لایەنەکانی دیکەی کوردی، لە پێشڕەوتی خەباتی نەتەوەیی و بێگومان هاوچەرخ و دوور لە هەر ناڕوونی و شەفافییەتێك، بەردەوام دەبێ. کەوابوو چارەنووس و داهاتوومان تەنیا و تەنیا بەدەست هەموومانەوەیە. دەگەڵ ئەوەشدا هەڵبژاردنی ڕێگەی دروست و سەرکەوتووانە و کردەیی یا ڕێگەی نادروست و تاقیکراو و شکست خواردو، بەستراوە بە بڕیاری هەر یەك لە ئێمە، وەك تاك و جووڵانەوە و لایەن. کەوابێ ئەرکی هەر یەك لە ئێمەیە خوەی لە دەمارگرژیی ئایدۆلۆژیکی و حیزبی دوور بگرێ و دەفرایەتی زەینی و کردەیی و تەنانەت مەعنەوی خوەی بۆ ئاقارێکی مەزنتر و پیرۆزتر تەرخان بکات کە ئەویش لە قازانجی هەمووماندایە، ئەمەش ناکرێ مەگەر دڕەدۆنگی و گومان لە هەڵوێستی هەندێك حیزبدا بە نیسبەت خەباتی هاوبەش و خواستی ڕاستەقینەیان نەمێنێ.

> **دروستکردنی هەر کێشە و کۆسپێك لە بەردەم پێكهاتنی بەرەی كوردستانیدا، دژی قازانجی نەتەوەییە و وەلانانی بایس و بانیگەلی كۆسپ و كێشەكان ئەركی نەتەوەییە**

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەلومەجی سیاسی و فەزای کۆمەڵایەتی تەنگتر دەبێ و بارودۆخی خەباتی مەدەنی لە ئێران و بەتایبەت لە کوردستاندا دژوار دەبێ. لە لایەکەوە دەسەڵاتی ئایدۆلۆژیکی چینی دەسەڵاتداری هەنووکە لە ئێراندا, کە چەند مانگ پێش لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆمارێتی ساڵی ڕابردوو بەتەواوەتی ئاشکرا بوو، توندوتیژە و لە هەمبەر ڕووداوە سیاسی و چالاکییە مەدەنییەکاندا هەستیارە و، بەترس و دڵەڕاوکێ هەڵسوکەوتیان دەگەڵ دەکات. لە لایەکی ترەوە تەنگترکردنی فەزای هەنووکەیی، لە ژێر هەر ناو و لایەنێکەوە کە بێ، بەزیانی هەموانە و، پێویستە لەوبارەوە پێداچوونەوەی تێڕامان و بیرۆکەکان بکرێتەوە.

> **زۆر ڕووداوی ناوخۆیی ودەرەکی لە ئێران ڕوویانداوە و، چرۆی هەندێك هاوكێشەی نوێ لە ناوچەكە و جیهان، گەشە دەكات**

لە ڕاستیدا بیری گشتیی جیهان هەر کردەوەیەکی نامرۆڤانە و دژبە دیموکراسیی حوکوومەتی ئیسلامی ئێران مەحکووم دەکا. زۆر ڕووداوی ناوخۆیی ودەرەکی ڕوویانداوە و، چرۆی هەندێك هاوکێشەی نوێ لە ناوچەکە و جیهان، گەشە دەکات. لە ئاستی سیاسەتی جیهانی و لە لای خاوەن بڕیارانی سیاسەت لە جیهاندا، هەمان ڕوانگەی زاڵ بەسەر بیری گشتیی جیهان، گەشەی نەکردووە و لە ڕاستیدا داهاتوویەکی ناڕوون و پێشبینی نەکراو چاوەڕێی حوکوومەتی ئیسلامی ئێران دەکات. ئەمما شەپۆلە ناوخۆییە مەزنەکانی گۆڕان، لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتی و ڕەنگە سیاسی، گرنگ و چارەنووسسازن.

جێی خۆیەتی لێرەدا گەشەی خەباتی مەدەنی لە کوردستان بەرز بنرخێنین و، سپاسی خوەمان و هاوبیرانمان ئاراستەی هەڵوێستی مەدەنی و ئاشتیخوازانەی خەڵك بکەین بەرامبەر کردەوەی نامرۆڤانەی حوکوومەتی ئیسلامی ئێران، کە دەرحەق بە چەند زیندانی سیاسی کورد ئەنجام درا. هەڵوێست و بانگەشەی تاڕادەیەك هاوئاهەنگ و یەك دەستی ڕێکخراوە کوردییەکان، جێگەی سوپاس و پێزانینە و دەبێ وەك خاڵێکی پۆزێتیڤ لێی بڕوانین. ئەمما ئەوەشمان لە بیر بێ، تەنیا پێویستی دەتوانێ لە دەور یەکتر گردوکۆمان بکاتەوە، بۆیە هەر شتێك لە ڕووی ناچاری و زەبر و زەخت پێك بێت، لە ئاکامدا بە خراپترین شێوەی مومکین تێکدەشکێت.

وەك داواکاری و هەڵوێستی هەمیشەییمان، بانگەشەی هەموو لایەنێکی کوردی دەکەین تا بۆ دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانی، دەرفەت بە فیڕۆ نەدەین و زەمینە و بەستەری پێویست بۆ ئەو ئەرکە گرینگە ئامادە بکرێت. پێمان وایە دروستکردنی هەر کێشە و کۆسپێك لەم ڕێگەیەدا، دژی قازانجی نەتەوەییە و وەلانانی بایس و بانیگەلی کۆسپ و کێشەکان ئەرکی نەتەوەییە. کەوابێ دەستاوێزی پێکنەهاتنی بەرەی کوردستانی ڕوون و ئاشکرایە. هەوڵ ئەدەین و هیواداریین هەر جووڵە و هەلێك کە لە بەرژەوەندی گشتییدا بێ، لە ڕێگەی ناهەموار و کەندوکۆسپی ساختە دەرباز بێ و بگاتە شوێنی شیاو و پێویست.

هەر ئەوەمان ماوە بڵێین: پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی یەکێتی دیموکراتی کوردستان لە هەموو کوردێکی بەشەرەف و ئەمەگ پیرۆز بێ.

**کوردیناسیۆنی یەکێتی دیموکراتی کوردستان**
**2710/02/30**کوردی
**1389/02/30**هەتاوی
**2010/05/20**زایینی

## بۆ پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی "یەکێتی دیموکراتی کوردستان"

سلاۆ ئەرز کەیمن وە خزمەت گشت هەڤالاْن و ئازیزەیلە زەحمەت کێش، وە یەکێتی دیموکراتی کوردستان و پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزراندن، وە خۆمان و تەك تەك لە دۆستان و هاوسەنگەرەیل تەبریك ئویشیم.

ئەلان کە کوردستان و کوردەیلە نیشتمان پەروەر، ئەفکار و ئەندیشەی خوەیان وەگەردێ ئەحزابی مۆدێرن و تازە وێفق دەن، فرەتر لە جاران ئەڕا موبارزاتی مەدەنی و کۆمەڵایەتی هیز گرن و قەبووڵی دیرن. ئیمە و کەسانی هاوڕەنگی ئیمەش، وە ڕاهکارەیلێ مەدەنی و موسالێمەتامیز پەیرەوی کەن، ئی دەلیلەش، هۆی مۆحکەمیگە ئەڕای کەسانیك تەبلیغێ ڕاهکارەیلێ نزامی یا خوشونەتبار کەن. ئیمە بە نوبەی خوەمان تەسلییەت ئەرز کەیمنە خدمەت خانەوادەی چوار دەربەندێ سیاسی کە وە تازەگی ئێعدام بین. داوا دەکەین لە خەڵك، لەسەر هەڵوێستی خوەیان پافشاری بکەن و وە کۆمەکێ ڕاهکارەیلێ مۆتەمەدێنانە و موسالێمەتامیز ناڕەزایەتی خۆیان وە گوشێ حاکمانێ زاڵم و خوینمژی جمهوری ئیسلامی ئێران بڕەسنن.

ئەڕای جارێکی تر تەبریك و شادباش ئەرز کەیمن وە عمومێ نەتەوەی کورد و تایبەت لە کوردەیلێ خوەرهەڵاتێ کوردستان.

ڕێکخستنی ناوخۆ ـ کۆمیتەی کرماشان
**2710/02/30**ی کوردی

## بۆ پێنجەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی "یەکێتی دیموکراتی کوردستان"

هەڤالانی بەڕێز و سەرکردایەتی یەکێتی دیموکراتی کوردستان, ساڵوەگەڕی دامەزراندنی یەکێتی دیموکراتی کوردستان لە ئێوە و سەرجەم هاوڕێبازانمان پیرۆزبایی پێ دەڵێین و ساڵی ئایندە، وەك ساڵی بووژانەوەی خەباتی ئۆپۆزیسیۆن ناوزەد دەکەین. گومان لەوەدا نییە مەردمی بەوەفای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەر ڕۆژ فرەتر لە ڕۆژان و مانگانی ڕابردوو بۆ ڕێگەی چارەی مەدەنییانە دەگەڕێن تا چارەنووسی کورد بەرەو گێژاوی خراپتر نەڕوات.

جێی خۆیەتی دەزگیرکردن و بێ سەر و شوێنکردنی چەند کەس لە ناوچەی جوانڕۆ و دەوروبەری وەك کۆمیتەی جوانڕۆی یەکێتی دیموکراتی کوردستان، مەحکوم بکەین و داواکارین چارەنووسی ئەو کەسانە بە زووترین کات ڕوون ببێتەوە.

ئێمە وەك ڕێکخستنی ناوخۆیی یەکێتی دیموکراتی کوردستان ـ کۆمیتەی جوانڕۆ، لەم ڕۆژی بەشکۆیەدا داوا لە هەموو هێزێکی کوردی دەکەین کێشەکان لە بیر بکەن و بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئامانجێکی بەرز و بەڕێزتر تێبکۆشن. ئێمە وەك ڕێکخستنی ناوخۆیی ئامادەین بەرەیەکی ناوخۆیی بۆ کاروبار و چالاکی ڕێکبەخەین و داوا لە هەموو هاوسەنگەرانمان دەکەین، بەشداری ئەو بەرەیە بن، تا بە هاوکاری و هاوخەباتی یەکتری بتوانین بگەینە خاڵە دیاریکراوەکانمان.

ڕێکخستنی ناوخۆ ـ کۆمیتەی جوانڕۆ
**2710/02/30**ی کوردی
**1389/02/30**ی خوەری

## تۆپبارانکردنی ئێران بەردەوامە و تا ئێستا سێ کەس کوژراون

ئێران لە تۆپبارانکردنی سنورەکانی هەرێمی کوردستان بەردەوامە و ئەم جارەیان زۆر بە چڕی ناوچەکەی تۆپباران کردووە. دیارە بیانووەکان بۆ ئێران ڕەخساوە و بۆیەش لەئاست ئەم تۆپبارانانەدا ئێران گوێداری ڕەخنەو گلەییەکان ناکات.

دوای پتر لە چوار ڕۆژ لە بۆدومانکردن، ڕۆژی سێشەممە هێزەکانی سوپای کۆماری ئیسلامی ئێران، پێنج کیلۆمەتر خاکی هەرێمی کوردستانیان بەزاند و چەند پێگەیەکی سەربازیشیان لە ناوچەکە دامەزراندوە.

ئێران بەردەوامە لە بۆدومانکردنی ناوچەکانی (بناری قەندیل و چۆمان و حاجی ئۆمەران و سیدەکان)، کە ترس و دڵەڕاوکێییەکی زۆری لە لای هاوڵاتیانی ناوچەکە دروستکردووە و بۆتە هۆی ئاوارەبوونی **220** خێزان.

هاوکات لە نوێترین پێشهاتدا، ئەمڕۆ هێزەکانی پیادەی کۆماری ئیسلامی ئێران، پێنج کیلۆمەتر قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستانیان بەزاندووە و بە ئامێرە سەربازییەکانیان چەند پێگەیەکی سەربازیان لە



ناوچەکانی (وێزە و کانی ڕەشە)ی سەر بە قەزای چۆمان داناوە.

بە گوێرەی لێدوانی سەرچاوەیەکی ئەمنی کە نەیویست ناوی ئاشکرابێت، هەروەها بە وتەی دانیشتوانی ناوچەکە، ئەو هێزەی سوپای ئێران، بەنیازی مانەوەن لە ناوچەکەدا. هاوکات بە چەکی سووکیش تەقەیان لە دانیشتوانی ناوچەکە کردووە و دانیشتوانی دەڤەر و کوێستانەکانیش، بە ناچاری دەڤەرەکەیان بە تەواوی چۆڵ کردووە.

هەر لەم بارەوە عەبدولواحید گوانی قایمقامی قەزای چۆمان بە ئاژانسی (ئاکانیوز) ی ڕاگەیاند: ئەمڕۆ یەکشەممە بەهۆی تۆپبارانکردنی ناوچە سنووریەکان و تۆپبارانکردنی گوندی وێزێی سەر بە قەزای چۆمان لەلایەن هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، کچێك بەناوی بەسۆز جەبار گیانی لەدەستدا و **2** کەسی تریش برینداربوون، زیانی ماددی زۆریش بەر مەڕ و ماڵات و کشتوکاڵی ئەو ناوچەیە کەوتووە."

عەبدولواحید گوانی، وتی"تۆپبارانەکە بە درێژی**5** کلم هاتووەتە ناو هەرێمی کوردستان و ئەو ناوچانەی کە تۆپبارانیش کراون، هیچ پەیوەندییەکیان بە بوونی چەکدارانی پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاك) و پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)وە نییە، بگرە ئەو ناوچانە تەنیا هاووڵاتی مەدەنیان تێدایە کە بۆ کاری مەڕداری و کشتوکاڵی لەوێن."

قایمقامی چۆمان ئاماژەی بەوەشدا کە ئێستا ئەوان لەگەڵ تیمەکانی بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی چۆمان و تیمەکانی ئاگرکوژێنەوە بەرەو ئەو ناوچەیە دەڕۆن بۆ هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی بەر تۆپبارانەکە کەوتوون.

## داخرانی گۆڤاری خوێندکاری "کوردستان" لە شاری سنە

بەپێی هەواڵێك لە شاری سنە، گۆڤاری خوێندکاری "کوردستان " لە سنە داخرا. گۆڤاری کوردستان کە گۆڤارێکی خوێندکاری زانکۆی سنەیە و لە لایەن خوێندکارانی کوردی ئەو زانکۆیەوە بڵاو دەکرایەوە، لە لایەن حەراسەتی زانکۆی کوردستانەوە داخراوە. سەرچاوەکەمان رایدەگەیەنێ کە هۆکاری داخرانی ئەو گۆڤارە خوێندکاریە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە "بابەتی ڕەخنەگرانەی بە نیسبەتی دەسەڵاتی ئێرانەوە پاش ئیعدامکردنی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێکانی لە 19ی بانەمەر، بڵاو کردۆتەوە". هەر وەها روونی دەکاتەوە کە "داخرانی ئەو گۆڤارە لە چوارچێوەی یاسادا نەبووە. چوونکە بە پێی یاسا کومیتەی چاوەدێری لە گۆڤار و بڵاوکراوەکانی خوێندکاری زانکۆ، سەلاحیەتی داخستنی بڵاوکراوەکانی زانکۆیان هەیە نە حەراسەتی زانکۆ." جێگای ئاماژەیە کە پێشتریش گۆڤاری "هەژان "لە لایەن خوێندکارانی زانکۆ کوردستانەوە چاپ و بڵاو دەکرایەوە بەڵام لە لایەن بەرپرسانی زانکۆوە داخراوە.

ڕێنێسانس نیوز